www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 27-10-2006 0:14

# نەقیب زوڵفان: بەرپرسی راگەیاندنی رەگەزنامەی گشتی لەسلێمانی: ئەویاسایە ئازادیەکانی ئینسانی لەسنورێکی بەرتەسکدا هێشتۆتەوە! ... دیداری: مەحەمەد سیاسی ئەشکەنەیی



نەقیب زولفان غەریب رحیم لێپرسراوی بەشی راگەیاندنی رەگەزنامەی گشتی باری شارستانی ولەساڵی 2000وە بووە بەئەفسەرو پێشتریش لە فەرماندەیی گشتی و هێزی پێشمەرگەی ژنانی کوردستان وەك کادیرێکی سیاسی و سەربازی کاری کردووە دواترچووەتە سەر سلکی پۆلیس لە وەزارەتی ناوخۆ زولفان خان جیالەوەی ئەفسەرە وەك رۆژنامەنوسێکیش دەوری کاریگەرو بەرچاوی هەیە و لەزۆربەی رۆژنامەکاندا نوسینی بڵاوبۆتەوەو ژنێکی کارای ناو بواری ژنانە وبۆیە بەچاکمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵ ساز بدەین:

## جیاوازی چیە لەنێوان ئەفسەری و ژنی ماڵ؟

نەقیب زولفان: جیاوازیەکی بەرچاوهەیە، ئەوجیاوازیەش وای کردوە من هەمیشە شانازی پێوە بکەم کەلە دەرەوە وەك کارمەندێکی وەزارەتی ناوخۆ وەك ئەفسەرێك کاردەکەم، لەماڵیشەوە هەوڵم داوە وەك خانمێکی ماڵ و وەکو کابانێکی ماڵ و وەکو لێپرسراوی دایکایەتی کارەکەم بکەم، هەروەها جیاوازیەکی زۆریش هەیە هەریەکەیان تام و چێژی خۆی هەیە لە ژیاندا

## چەند ئازادی دەبینی لەبواری ئەفسەریدا؟

نەقیب زولفان: لەبواری ئەفسەریدا بەپی ی یاسایە، ئازادی لەوی دەبینم کاتی کەیاسا تاچەند ئازادی بۆ ئینسانەکان دەستەبەرکردووە، بی گومان گومان لەوەش دانیە کەئینسانەکان لەروی یاساوە ئازادن ئەگینا ناتوانن هەموو ئازادیەکی خۆت لەبواری ئەفسەریدا جێبەجی بکەی.

## ئەڵێن بێستون سابوراوا یی هاوسەرت خۆی کاندید ئەکات بۆ لێپرسراوی مەڵبەندی دوکان، ئایا گەر بوو بەلێپرسراوی مەڵبەند بەرێزتان وەکو ئەفسەری رەگەزنامەی گشتی هەر بەردەوام ئەبن؟

نەقیب زولفان: لەکاتێکدا کەمن ژیانی هاوسەریم لەگەڵ بێستوون سابوراوایی پێك هێناوە من ئەفسەر بووم بۆیە من قەناعەتم بەوەهەبوو کە هەریەکێکمان لەبوارێك کار دەکەین، بێستوون سابوراوا یی خۆی پێشمەرگەی دێرین بووە لەهەموو بوارەکانی حیزبی و حکومی دا کاری کردووە، بۆیە ئەمرۆش کە ئەبی بەلێپرساوی مەڵبەند هەم بۆ خزمەتی هاوڵاتیان ئەبی و هەم هاندەرێکی زیاتری منیش دەبی لەبەر ئەوە تەسەور ئەکەم من بەرەو پێشەوە دەچم، نەك واز لەبوارەکەی خۆم بهێنم!

## لەرەگەزنامەی گشتی کە خۆت کار ئەکەی ئەو شتانە چین کەمایەی بێزاریتن وە ئەوانە چین کە دڵخۆشت ئەکەن؟

نەقیب زولفان: هەمیشە ئەو شتانەی کەبێزارمان دەکەن ئێمەی ژنان لەسلکی پۆلیسدا مافەکانمان وەکو پیاوان بەو شێوەیە نیە، راستە من لەفەرمانگەکەی خۆمدا هەموو ئەو کارانەی کە ئەفسەرە پیاوەکان ئەیکەن منیش ئەیکەم، لەئەرك و ما فدا هاوشانی ئەوانم و بەتایبەتی بەرێوەبەرەکەم هیچ جیاوازیەکی نەکردووم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەگۆرانکاریەکانی وەزارەتی ناوخۆ ئێمەی ژنان لەوانەیە

رەچاو نەکرابین بۆ وەرگرتنی هەند یّك لەپۆستەکان کەشمولی وەرگرتنی روتبەکانی ئیّمەش دەکەن هەرچەندە ئیّمە لەگەڵ بەریّز جەنابی وەزیری ناوخۆ قسەمان کردووە ئەو پشتیوانیەکی زۆریشی لی کردووین، بەڵام هەتاکو ئیّستا بەشداریمان نەکردووە لەگۆرانکاری پۆستەکانی وەزارەتی ناوخۆ، وەئەو شتانەی کەدڵخۆشم ئەکەن کەئەبینم کۆمەڵی لەژنان جگەلەوەی ئەرکی ماڵیان لەسەرە هاتوون لەدەریشەوە ننەك بۆ داواکردنی یەکسانی، بۆجیّبەجَی کردنی یەکسانی کەئیّمەلەگەڵ رەگەزەکەی تر کەنیّرە ئەتوانین لەژیاندا کاربکەین لەدەرەوە هەم بۆ بژیّوی ژیانی خیّزانەکانمان هەم بۆ سەلماندنی ئینسانیەتی خۆ مان.

## هەست ناکەی لەسلکی پۆلیسدا ئازادی کۆت کراوە؟

نەقیب زولفان: بەتەئکید وایە بەتایبەت لەسلکی پۆ لیسداو وەلەبەشەکانی ناوخۆدا یاسایەك بەرپایە ئەو یاسایە ئازادیەکانی ئینسانی لەسنوریّکی بەرتەسکدا هیّشتۆتەوە، لەبەرئەوەی هیچ مرۆڤیّك ناتوانی هەموو ئازادیەکانی خۆی کەلەبواری مەدەنیدا جیّبەجی ئەکات بەڵکو لەبواری یاسایی دا جی بە جی ی بکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەئەو ئازادییە هینە!! کارمەندان و ئەفسەرانی ناوخۆ ئەوەندە گەورەن کە ئەتوانن ماقی هاوڵاتیانی مەدەنیش دابیّن بکەن 0

## تۆ کەئەفسەریّکی ژنی پۆلیسی پیاوو تەعیەت بۆ دەکەن؟

نەقیب زولفان: بەڵی!! من هیچ جیاوازیەکم نیە لە فەرمانگەکەی خۆمدا، چۆن بۆ روتبەیەکی تر هەموو کارە یاسایەکان کراوە بۆ ئیّمەی ژنانیش هەموو ئیلتیزاماتیّك کراوە.

## ئەی کەرۆژیک رۆیشتی بۆ دەوام وپۆلیسیّکی پیاو تەعیەی بۆ نەکردی تووەڵامت چی دەبی بۆی؟

نەقیب زولفان: هیچ بەلامەوە موشکیلە نیە حەز دەکەم دنیا زیاتر مۆدیّرنتر بی مەسەلەی تەعیە لە هیچ دام و دەزگایەکی پۆلیسدا نەمیّنی چونکە من خۆم حەزدەکەم جیاوازی روتبەکانی ئینسان لەئیشکردنیدابی و دەوربینی نەك لە تەعیە کردن و هەندی شتدا، ئەگەر تەعیەشم بۆ نەکەن بەلامەوە موشکیلە نیە، ئەگەر هەرویستی رقم هەڵسیّنی بۆئەوەی من وەکو ژنیّك تەعیەم بۆ نەکات یاخود بیەوی ئەوە دەرخات من بە عەکسەوە بانگی دەکەم وتی ی ئەگەیەنم کەمنیش ئینسانیّکم و ئەفسەریّکم کە هیچم کەمتر نیە لە ئەفسەری پیاوو.

## لەلایەن خەڵکی دواکەوتوو بەر تانەوتەشەر نەدرا وی؟

نەقیب زولفان: تانە کراوین، بەڵام ئیّستا نا، بایەت کەئیّمە چوینەتە ئەم سلکەوە ئیشمانکردووە لەلای خەڵکەوە شتیّکی نامۆ بووە بەڵام ئیّستا کەئەبینم زۆر جار من بە جل و بەرگی ئەفسەرییەوە لەزۆربەی شویّنەکان هەندی جار لەکاتی ئیسراحەتدا لەکاتی دەوامدا کەبۆ کاریّك ئیشم هەیە لە زۆربەی دام و دەزگاکانی تردا، سەیر ئەکەم ئیّستاخەڵکی بە چاویّکی ریّزەوە سەیرمان دەکەن.

## دوا ووتەت؟

نەقیب زولفان: هەمیشە هانی ژنان ئەدەم کەئیّمەی ژنان لەزۆربەی بوارەکانی ژیاندا ئیش بکەین بۆ ئەوەی بتوانین لەزۆربەی بوارەکاندا جیّدەستی خۆمان دیاربی وەهەمیشە پیّشنیاریشم بۆ ئەو کەسە باڵا دەستانە یاخود ئەو بەرپرسانە هەیە کەزیاتر هاندەری ئیّمەی ژنان بن بۆ ئەوەی زیاتر ژنان بتوانن جی دەستی خۆ یان دیاربی.